**UNITAD**

United Nations Investigative Team for the Accountability of Da'esh/ISIL

فريق التحقيق التابع للأمم المتحدة لتعزيز المساءلة عن الجرائم المرتكبة من جانب داعش (يونيتاد)

تیمی لێکۆڵینەوەی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ لێپرسینەوە لەو تاوانانەی داعش (یونیتاد)

## کەریمخانی راوێژکاری تایبەتی تیمی لێکۆڵینەوە بۆ لێپیچینەوە لە تاوانەکانی داعش (یونیتاد) داوا لە هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی دەکات بۆ لەناوبردنی داعش

*(وەرگێڕانی نافەرمی)*

**٦ی شوباتی ٢٠١٩، واشنتۆن دی سی، وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا-** لە دانیشتنی کردنەوەی کۆبوونەوەی وەزاریی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی بۆ لەناوبردنی داعش، بەڕێز کەریمخان، راوێژکاری تایبەتی تیمی لێکۆڵینەوە بۆ لێپیچینەوە لە تاوانەکانی داعش (یونیتاد) وتارێك پێشکەش دەکات.

بەڕێز خان کورتەیەکی پێشکەش کرد سەبارەت بە ئەرکی یونیتاد لە کۆکردنەوە و شیکردنەوەی زانیارییەکانی سەبارەت بە کارەکانی رێکخراوای تیرۆریستی داعش کە رەنگە بچنە خانەی تاوانی جەنگ و تاوانی دژە مرۆیی یان کۆمەڵ کوژییەوە. ئەو لە وتارەکەیدا سوپاسی حکومەتی عیراق کرد بۆ هەماهەنگی و پشتگیرییەکانی و دانیشی بەوەنا کە پەیوەندییەکی پتەو لەگەڵ دامودەزگا پەیوندارەکانی حکومەت هەیە سەبارەت بە کارکردنی رێکخراوەکەی.

کۆبونەوەی هاوپەیمانی لەلایەن مایك پۆمپیۆی وەزیری دەرەوەی ئەمریکاوە سەرپەرشتی دەکرا. لە وتەی دەسپێکیشدا، پۆمپیۆ سوپاسی یونیتادی کرد سەبارەت بە لێپێچینەوە لە تاوانەکانی داعش لە عیراق.

لە وتارەکەی کە لەو کۆبونەوە پێشکەشی کرد، وەزیری دەرەوەی عیراق، بەڕێز موحەمەد عەلی ئەلحەکیم، دەستخۆشی لە هەوڵەکانی یونیتاد کرد بۆ کۆکردنەوەی بەڵگە لەسەر ئەو کارانەی داعش کە رەنگە بچنە خانەی تاوانی جەنگ و تاوانی دژە مرۆیی یان کۆمەڵ کوژییەوە لە عیراق.

شایانی باسە، وەرگری خەڵاتی نۆبلیش، نادیە مورادی کچە رزگاربووی دەستی داعش لەو کۆبونەوە ئامادە بوو. بەڕێز کەریمخان ئەو هەلەی بۆ سوپاسکردنی خاتو موراد قۆستەوە بۆ کار و داکۆکیکردنەکانی لە قوربانیان. ئەو جەختی لەسەر ئەوەش کردەوە کە یونیتاد لێبڕاوانە درێژە بە کارەکانی لەگەڵ رزگاربووان دەدات بۆ دڵنیابوون لەوەی کە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی پایەندییەکانی خۆی سەبارەت بە لێپیچینەوە لە تاوانەکان و ئەو تاوانەنەی کە بەسەر ئەوان هاتووە جێبەجێ دەکات. بەڕێز کەریمخان ئەو شێوازانەشی خستەڕوو کە بەهۆیانەوە وڵاتەکان دەتوانن درێژە بە پشتگیرییەکانی خۆیان بدەن بۆ کارەکانی یونیتاد وەك دابینکردنی پشتگیریی دارایی و پشتگیریکردن لە کارمەندانی ناوخۆیی و گواستنەوەی کەرەسە بەڵگەییەکان.

هەر لە کۆبوونەوەکەدا، نێردەی تایبەتی وەزیری دەرەوەی قەتەر بۆ دژەتیرۆر و میانگیری، بەڕێز موتلەك ئەلقەحتانی، رایگەیاند کە قەتەر ئەمساڵ ئامادەیە بۆ میوانداریکردنی کۆنفرانسێکی جیهانی بەمەبەستی بەهێزکردنی هەوڵە نێودەوڵەتییەکان بۆ ئەوەی داعش وەك ئەنجامدەری ئەم تاوانانە دەستنیشان بکرێت بەگوێرەی بڕیاری ژمارە ٢٣٧٩ی ساڵی ٢٠١٧ ئەنجومەنی ئاسایش.

هەروەها، راوێژکاری تایبەت سوپاسی قەتەری کرد بۆ ئەم بانگهێشتە کە دەبێتە مایەی پتەوکردنی هەوڵە هەمەلایەنییەکانی وڵاتانی ئەندام و یونیتاد لە ناساندنی داعش وەك بەرپرسی سەرەکیی ئەم تاوانانە.

لای خۆشیەوە "هاوپەیمانی" ئەوەی دووپات کردەوە لە پرۆسەیەکی شایستە و پەیڕەوکردنی سەروەریی یاسادا بەڵگەکانی بەتاوانبارناساندنی داعش مسۆگەر دەکات.

**تێبینی:**

تیمی لێکۆڵینەوە بۆ لێپێچینەوە لە تاوانەکانی داعش (یونیتاد) لەرێگەی کۆکردنەوە و پاراستنی و داکردنی بەڵگەکان لە عیراق و بەگوێرەی پێوەرە نێودەوڵەتییەکان بە گوێرەی بڕیاری ژمارە ٢٣٧٩ی ساڵی ٢٠١٧ی ئەنجومەنی ئاسایش دامەزراوە بۆ پشتگیریکردن لە هەوڵە ناوخۆییەکان بۆ ناساندنی داعش وەك تاوانباری سەرەکی لە تاوانەکانی جەنگ و دژەمرۆیی و کۆمەڵکوژی. ئەنجومەنی ئاسایش زیاتر دەسەڵات بە راوێژکاری تایبەتی یونیتاد و سەرۆکی تیمی لێکۆڵینەوە دەدات بۆ گەشەدان بە لێپێچینەوە لەسەرتاسەری جیهاندا بۆ تاوانەکانی داعش کە رەنگە بچنە خانەی تاوانی جەنگ و دژە مرۆیی و کۆمەڵکوژییەوە.

**پەیوەندی:**

بۆ زانیاریی زیاتر تکایە پەیوەندی بکەن بە ویڵ دیئاسێ مۆریس  william.deathemorris@un.org